# نامەیەك لە جەلادەت ئیسماعیل كۆترەوە بۆ شاناز سەلیم

## توانا

**شەرەفی كردنەوەی ئەم نامەیە بەر لە هەر كەسێك بۆ خودی شاناز خانمە**

دەستخەتێكی باریك و شكستە ئەمەی لەسەر زەرفی بۆری نامەكە نووسیبوو.

"شاناز...چۆنی؟ وەك هەموو بێمەعنایییەكانی ئەم دونیایە نازانم بۆ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم! دەزانم ئەگەر ناوە عەجیب و غەریبەكەم نەبایە هەر نەتدەناسیمەوە، ئاخر ئێوەیەك گەر بتانەوێت لە رۆژێكا بە قەولی خۆتان هەزار پەڕۆ گواوی وەك من دەناسن".

نامەكە پەلەپرۆزۆیەكی خراپی پێوە دیار بوو، وەك ئەوەی قاسیدەكەی بەسەریەوە وەستابێت و ئەو نامەیەش دوانامەی زیندانییەكی هەتاهەتایی بێت بۆ كچێك، كە رێگەنادەن بۆ هەتاهەتایە جارێكی تر نامەی بۆ بنووسێت.

"شاناز... نازانم كە ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، هێشتا هەر شێتی پرتەقاڵیت؟! نازانم تۆ رۆژێك لە رۆژان بیر لەو دۆستانەت ناكەیتەوە كە كوشتوتن؟ ئاخر دەبێت تێبگەم چۆن شەوێك كەسێك لە بەردەرگاكەتان بۆ تۆ خۆی دەكوژێت و تۆ ئەو شەوە لە هەر شەوێكی تر زووتر دەچیتە خەوێكی قووڵ و ئارامەوە! دەزانم ئێستا یەق دەدەیتەوە، لە حەژمەتا لێوت دەگەزیت، تف دەكەیت لە نامەكەم" لە خۆم، جوێن دەدەیت... دەزانم نامەكە هەلاهەلا ناكەیت و لە پەنجەرەی ڤێللاكەتەوە نایدەیتە بەر بـــــا، لە موحتەرەمیتەوە نییە! ئەوە تەنیا دەتەوێت سۆراخێكی سامیر لەم نامەیەدا بخوێنیتەوە...

بمبورە بێئومێدت دەكەم. ئەگەر لەبەر ئەوە نەبایە كە پێم خیانەت بوو، هەر زوو دەمتوانی ئاقاری رۆمانەكە بە لایەكی دیكەدا ببەم، دەشمتوانی! بەسووكایەتییەوە زەردەخەنە نەتگرێ، راستی ئەگەر خۆم رۆمانەكەم بنووسیبا هەر وامدەكرد.دەڵێی چی ئیتر چیرۆكنووسەكان وان، من زوو ئەمەم وتووە.. پیاو ژیانی خۆی بدات بە سەوزەفرۆشێك" بە شاعیرێك، بە هەلاجێك، بە فیتەرێك، بە گەوادێك، باشترە لەوەی بیدات بە چیرۆكنووسێك، ئەو كوڕی باشانە ئەو ژیانەی تۆ والیدەكەن هەر خۆت خۆت نەناسیتەوە تێیدا...

بەهەرحاڵ شاناز راستیت دەوێت لەم دونیا خەڕەكە شكاوەدا كەس وەك ئەوان ناتوانێ ژیان وا سیحرییانە بگێڕێتەوە. من گلەییم لە شەرەفیار زۆرە، چونم پێشبینی كردبوو هەروا دەرچوو، دەمزانی لەنێوان رۆیشتنی من و چاپكردنی ئەو رۆمانەدا بە بیانووی چاككردنی رێنووس و دروستكردنی گرێی نوێ و راستكردنەوەی هەڵەی زمانەوانییەوە، چۆن ئەم رۆمانە دەستكاریی دەكات... هەر چۆنێك بێت ناتوانم بڵێم ئەوەی شەرەفیار نووسیویەتی ژیانی من نییە".

پاشماوەی نامەكە لەمدیویەوە نووسرابوو، رەنگە نووسەرەكەی كاغەزی چنگ نەكەوتبێت یان نەیویستبێت خوێنەرەكە لە خوێندنەوە بپچڕێنێت، بەردەوام ببوو "راستییەكەی لەو خراپخانەیەی ناوی كوردستانە و پڕە

لە خراپی وەك تۆ، زەحمەتە لە ئاغای شەرەفیار دەستپاك‌و راستگۆتر ببینینەوە، ئەگەرنا خۆ ئێمەی کاراکتەری رۆمانەکان خۆمان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی نووسەرەکانمان هەیە. من ئەگەر مەیلم لێبایە دەچوومە خەیاڵی نووسەرێك لە جێگایەکی دوورتر... شاناز ئەوە من‌و تۆین ئەو کەسە هەڵدەبژێرین کە دەماننووسێتەوە، دەزانم ئێستا قێزت دێتەوە کە ناوی تۆ بە نموونەش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم.

داوای ساڵێك‌و قسور دەبێت داوای لێبوردن لە خوێنەرەکانی ئەو رۆمانە بکەم کە لەم نامەیەدا نهێنییەك دەدرکێنم کە نابێت بیدرکێنم، شاناز... باش گوێبگرە کاغەزو بەڵگەنامەکانی ئەو دۆستە موحتەرەمەی تۆ هۆکاری مردنەکەی من نەبوو! ئەو برایانەی بەردەوام دەستیان لە خوێنی یەکتردایە، منیان لەوە سیلاویتر سەیردەکرد کە دەستیانم پێ پیسبکەن‌و بمکوژن.

شاناز ئەگەر خودایەك هەبێت، ئەوە شایەتە، ئەگەر نەشبێت، ئەوە خوم‌و خۆت دڵنیاین، ئەوەی منی ئاگر تێبەردا تۆ بوویت... ئاگر ئاگر ئاگر... رەنگە لە ئەدەبی شەرەفیار خۆیەوە بێت خۆی لەم وێنەیە لادابێت، یان ئەویش فریوی جوانییەکەی تۆی خواردبێت، یان لە رێزی خۆیەوە بۆ خوێنەرەکانی نەیویستبێت هێندە ژنیان لا ناشرینبکات... شاناز بۆنی خوێنت لێدێت، دەست لەم پیاوکوشتنە هەڵــــــ"

نووسینەکە تەواو نەببوو، کاغەزەکە هەر هێندەی تیا جێببووەو جارێکی تر سەیری ناو زەرفی نامەکەم کرد هیچی تیا جێنەمابوو، لام سەیرە بەشی دووەمی ئەم نامەیە کەوتۆتە کوێوە؟!.